عێراق و ئیمارات لەسەر فراوانکردنی هاوکارییە سیاسی و ئابووریییەکان دەکەون



محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران و شێخ محەمەد بن زاید ئال نهیان، سەرۆکی دەوڵەتی ئیمارات، ئەمڕۆ سەشەممە جەختیان لە گرنگی کردەوەی هاوبەشی عەرەبی بۆ فراوانکردنی هاوکارییە سیاسی و ئابووریییەکان کردەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە،بەڕاویکردووە"سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ سەشەممە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆکی وەڵاتی ئیمارات یەکگرتووی عەرەبی شێخ محەمەد بن زاید ئال نهیان ئەنجامدا.

وتیشی لە پەیوەندییە تەلەفونییەکەدا پەیوەندییە گشتییەکانی نێوان هەردوو وەڵات و کارکردن بۆ بەهێزکردنیان تاوتوێ کرا، بەتایبەتی لە بواری سیاسی و ئابووریییەکاندا لەبەر ڕۆشنایی ئەو هاوکارییە بنیاتنراوەی کە لەم بوارەدا ئەنجامدراوە.

ئاماژەی بۆکرد هەر لە پەیوەندییەکەدا جەخت لەسەر گرنگی کاری هاوبەشی عەرەبی کرایەوە، بەرامبەر بووداوەکانی ناوچەکە، لەوانە شەڕی بەردەوامی غەززە کە کارەساتی مرۆیی بە هاوڵاتیانی مەدەنی

لەکەوتووتەوە، هەروەها جەخت لەسەر پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە کرایەوە.